www.kurdistannet.org
13-3-2003 20:58

# ئەرێ بە ڕاست کێ بێ ڕەوشت و گێرەشێوێنە؟!

مەهاباد کوردی

وەک لای هەموومان ئاشکرایە، هەر لە دوای دەستپێکردنی هەڕەشەکانی کەمالیستانی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕابوونە سەر پێیان و بە هەموو شێوەیەک دەنگی نارەزایی خۆیان لە هەمبەر داگیرکەرانی کوردستان و تورکە هۆڤ و ڕەگەزپەرستەکان بەرز کردەوە. جوانترین دیمەنی ئەم نارەزایی دەربڕین و ڕەتکردنەوەی کۆلۆنیالیستانی بێگانەش، ئەو خۆنیشاندانە گەلێرییە پڕ گەرم و بەجۆشانە بوون، کە لە هەندێ شار و شارۆچکەی باشووری نیشتمانەکەماندا ئەنجام دران. دیارە نارەزایی دەربڕینەکەی خەڵکی شاری هەولێری دێرین و قەڵا و منارە، لەچاو ئەوانی دیکە زیاتر سەرنجی میدیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی بۆ خۆی ڕاکێشا و، لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە جیهانی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تریشدا باس و خواسی لەبارەوە کرا. ڕەنگە بەشداریکردنی خەڵک بە ڕادەیەکی زۆر لەم خۆپیشاندانەدا بە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم مەسەلەیە دابنرێ. بێگومان هۆکاری دیکەش هەن.

من وەک کوردێک کە لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، زیاتر (کوردستان تیڤی) ئەم کارەی کرد، چاوم بە دیمەنی خۆنیشاندەران دەکرایەوە و دڵم خۆش دەبوو و ئاهێکم بە بەردا دەهات و لەبەرخۆشمەوە بە جاران دەمگوت ئۆخەی. سەد ئۆخەی! دەک لەبەرتان بمرم، سەرم بەقەد چیای ئاگری پێتان بەرزە! کوردستان ئەگەر ئێوەی هەبێ سڵ لە هیچ داگیرکەرێکی دەم بە خوێن ناکاتەوە، . . . تاد.

چەند ڕۆژێکی کەم بە دوای ئەم دیمەنە دڵخۆشکەر و هیوابەخشانە تێپەڕیبوو، کاتێ لە ماڵپەڕی کوردستان نێت، نامە کراوەکەی (د. نەزەند بەگیخانی) م بینی کە ئاڕاستەی جەلال تاڵەبانی کرابوو لەمەڕ دەستگیرکردنی یەکێ لە هەڵسووڕێنەرانی خۆپیشاندانەکەی زانکۆی سلێمانی. هەر لێرەوە دەستخۆشی لە نەزەند خان دەکەم و پێی دەڵێم لەگەڵ بۆچوونەکانتم. ئینجا نووسینە بێ شەرم و ئاست نزم و نابەرپرسیار و هەست بریندارکەر و خۆ بە کەمزان و سووکایەتیکەر بە کورد و کوردستان و بێ تام و بێ ماناکەی ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی ناوەندی و ڕۆژانەی پارتیم چاو پێ کەوت. خۆ باس لە هەڤپەیڤینەکەی جەلال تاڵەبانیش دەگەڵ ڕۆژنامەڤانی تورک محەممەد عەلی بیراند هەر ناکرێ، کە لاپەڕەیەکی تەواوی کوردستانی نوێی پێ پڕ کرابۆوە. پاشان دێمە سەر هەردوو بابەتەکە و زیاتر لێیان دەدوێم.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی نووسینۆکە هیچ و پووچەکەی برایەتی کەسانێکی خەمخۆر و وەڵاتپارێز یەکسەر وەرامی ڕۆژنامەکەیان دایەوە. دیارە ئەگەر لە دڵسۆزییان بۆ کورد و کوردستان نەبوایە، دەنا کەس تاقەتی ئەوەی نەماوە، بگرە بێزیشی نایەت خۆ لە کاری دزێو و ناکوردانەی سیاسەتکارانی کورد و کردەوە ناکوردستانییەکانی هەندێ پارت و ڕێکخراوی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان هەڵقورتێنێ. ئەمە ڕاستییەکە و جێگای داخە سەرانی کورد هەتا ئێستاش هەستیان بەم مەسەلەیە نەکردووە و، لەوەش داخدارتر ئەوەیە کە ئەوان چ حیسابێکیان بۆ هەست و سۆز و هیوا و ئاواتەکانی خەڵکی کورد نەکردووە و ناکەن. خۆ ئەگەر کارێکی وایان کردبا، ئەوە قەت نەدەبوو لێبگەڕێن نووسینێکی وا هەست بریندارکەر لە ڕۆژنامەیەکی وەک (برایەتی) دا بڵاو بکرێتەوە.

**(سووتاندنی ئاڵا بەدڕەوشتییە و لە ئاکاری گەلی کوردستانەوە دوورە)** . بەم چەند وشانە سەروتاری ژمارە (٣٩٣٠) ی برایەتی، لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٦ی ئاداری ٢٠٠٣، پیرۆزبایی لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی گەلی کوردستان و ساڵیادی ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری ساڵی (١٩٩١) ی خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوەی کورد کرد. وەکو نەریت سەروتاری ڕۆژنامەیەکی حیزبی، بەر لە هەر شتێکی دیکە، ڕا و بۆچوونی فەرمی خودی ڕێکخراوەکە پیشان دەدات نەک کەس و لایەنێکی تر. بۆیە ئەمەش دەڵێم تا

برایەتی و پارتیش باش بزانن کە هیچ مەرج نییە ئەوەی ئەوان و حیزبییەکان خەونی پێوە دەبینن، هەر هەمان شت و مەبەست بگەیەنێ لای مرۆڤی کورد و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. بە واتایەکی دیکە ئەوان مافی ئەوەیان نییە لە جیاتی تەواوی گەلی کورد قسان بکەن و بە کەیفی دڵی خۆشیان ئەم و ئەو وەبەر خرکەبەردان بدەن. برایەتی دەڵێ: (**خەڵکی کوردستان قەت هەڵوێستی دۆستانەی تورکیا سەبارەت بە پاراستنی ناوچەکەیان لەبیر ناکات**) . جارێ پێش هەر شتێک تورکیا یەک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و سەرسەختترین و ملهورترین دوژمنی کوردە. لە چ شوێنێکی دیکەی دنیا داگیرکەر نەبۆتە دۆستی داگیرکراو تا لە کوردستاندا ئەم (موعجیزە) یە بێتە ئاراوە. هەر ئەو تورکیایەی کە (برایەتی) بە دۆست ناوی دەبات، هەتا ئامادەکردنی ئەم بابەتەش، تەواوی سەرووەرێتیی خاکی باشووری کوردستانی بۆ چەندین جار لەژێر پێ ناوە و دەنێت. خۆ هەمووومان دەزانین بەر لە ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی (١٩٩١) یش تورکیا گەلێ جار هەڵیکوتاوەتە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە باشوور و گوێی بە ڕەخنە و ناڕەزایی دەربڕینی کەسیش نەداوە. با زۆر دوور نەڕۆین و هەر تەنیا وەک نموونەیەک ساڵی ١٩٨٣ وەبیر خۆمان بێنینەوە. خۆ ئەوسا نە پەرلەمان و نە فیدرالی و نە پ. ک. ک و نە شتی لەم بابەتە لە ئارادا بوون. کورد هەتا داگیرکەر بە دۆستی خۆی بزانێ حاڵی لەمە باشتر نابێ!

بە بۆچوونی برایەتی بێ، سووتاندنی ئاڵا نەعلەتییەکەی تورکان: (**کە لە کاتی خۆپیشاندانەکە روویدا بە ڕای سەرجەم گەلی کوردستان کارێکی بێ ئەخلاقییە و تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی میللەتی کورد ناکات**) . من لە کاکی سەروتارنووس دەپرسم: ئەرێ جەنابت چ ڕاپرسییەکی گشتیت ئەنجام داوە تا بزانیت ئەم کارە (**تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی میللەتی کورد**) دەکات یان نا؟! تۆ و (برایەتی) ش تەنیا لە دوای سازدانی وەها کارێکدا بۆتان هەیە بە ناوی کورد قسان بکەن. ئەگەر توورەم دەکەی ئەوساش بە تەواوەتی مافی ئەوەتان نییە هەروا بە ئاسانی بە زمانی گەل بپەیڤن. لە وڵاتێکی وەکو سوێد ژنە هونەرمەندێک (ماری فرێدریکسۆن) ، شکاتی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و بەربڵاوی وڵاتەکە کرد (EXPRESSEN) ، چونکە تەنیا هەواڵێکی لەسەر خانمی هونەرمەند، گوایا بە درۆ، بڵاو کردبووە. ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبووردنی لەو هونەرمەند کرد، کەچی دیسانیش مەسەلەکە خرا بەردەم دادگا. ئێوەش لە کوردستانێکی چەند جار لەت لەتکراو و دەنێو کۆمەڵگایەکی تژی کارەسات و مەرگەسات، دوور لە هەر هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و نابەرپرسیارانەش، دێن و لە هەمووشی ناخۆشتر بە نێوی خەڵک هەڵوێستان بە هەرزان دەفرۆشن!

فەلەستینییەکان بە دەیان ساڵە ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا دەسووتێنن. داخوا هەتا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ عەرەفاتێک یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی عەرەب زاتی ئەوەیان کردووە بڵێن: پیاوی چاک بن ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا مەسووتێنن! ئەوان قەت قسەیەکی وەهایان لە دەم نەهاتۆتە دەر و باوەڕیش ناکەم لە داهاتوودا بوێرن شتێکی وا بڵێن. ئەمە ڕەنگە شتێکی زۆر سادە بێ، لێ لە هەمان کاتدا دەکرێ بە خاڵێکی جیاوازی نێوان سەرانی ئێمەمانان و ئەوانی تر دابنرێ.

سەروتارەکەی برایەتی کە زۆر کورتە و گۆشەیەکی گەلێ گچکەی لاپەرەی بەرایی ڕۆژنامەکەی گرتۆتەوە، بەڵام دیسانیش بەم وشانە وەسفی خۆپیشاندەران و خۆپیشاندانەکەی هەولێری پایتەختی کوردستانی کردووە: بەد ڕەوشتی، کەسانێکی ناحەز، کەسانێکی گێرەشێوێن، کارێکی بێ ئەخلاقی.

ئایا بە ڕای برایەتی ڕەوشت بە مانای چ دێت؟ گەلۆ برایەتی چ پێوانەیەکی بۆ ڕەوشت و بێ ڕەوشتی هەیە؟ کوردێ کە لە حەژمەتان، لەبەر بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرێتییەوە، لەبەر دڵسۆزبوونی بۆ خاک و نەتەوەکەی، وەک بەرپەرچدانەوەیەکی داگیرکەران و زۆرداران، لەبەر چەندین ئێش و ئازاری گردەوەبووی زەمانە خۆی پێ نەگیرابێ و ئاڵای چاوسۆرترین و هۆڤترین دوژمنی خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی سووتاندبێ، داخوا دەکرێ خوت و خۆڕا لە لایەن ڕۆژنامەیەکی بەرچاوی

وەک برایەتی بە (بێ ئەخلاق و ناحەز و گێرەشێوێن) ناوزەد بکرێ؟! ئەگەر برایەتی ڕاست دەکا و ڕاستی دەکرد، ئەوە دەبوو لەمێژە بەم کارەی سەر شانی ڕابووبا، واتا لە (بێ ئەخلاق و ناحەز و گێرەشێوێن) ی ڕاستەقینە گەڕابا و بە تەواوی ئەندامانی ئەم نەتەوەیەشی ناساندبا. گەر برایەتی کارێکی وای ئەنجام دابا ئەوسا منیش قسەیەکی دیکەم بۆی دەبوو. برایەتی دەبێ بەر لە هەر شتێک بەرسڤی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ئایا ناپاکیکردن لە گەل و وڵات ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی ناگەیەنێت؟ ئایا کورد بە کورد بەکوشتدان جۆرێک لە بێ ڕەوشتی نییە؟ گەلۆ ئەوانەی پارووەنانی دەمی هەژاران و برسییانی ئەم گەلەیان دزی بێ ئەخلاق نین؟ بەشداریکردنی کۆنەبەعسییان لە دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەی کوردستان لە بێ ئەخلاقی بێ ئەخلاقتر نییە؟ لەبیرکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ئەوپەڕی مانای بێ ئەخلاقی ناگەیەنێت؟ دیارە پرسیار ئەوەندە زۆرن کە لە نووسینێکی وادا ئەستەمە بتوانین هەموویان بخەینە بەردەم بنووسانی برایەتی.

ئەگەر تورک هێمای هەبێ خۆ کوردیش هەر دەبێ شتێکی هەبێ تا خۆی پێ هەڵبکێشێ. ئاسمانیش کون نەبووە تا ئێمەی لێ کەوتبێتە خوارەوە. ئایا لە ماوەی ئەو دە دوازدە ساڵەی ئازادیی کوردستاندا، ئەرێ بە ڕاست چەند جار برایەتی، توانیویەتی تورکیای دوژمنی ژمارە یەکی کورد و کوردستان بە (بێ ئەخلاق) ناو بەرێ؟ تۆ بڵێی کارێکی وەهای ئەنجام دابێ؟

تورکە شۆڤێنییەکان هەر شتێ ڕەت دەکەنەوە کە بۆنی کورد و کوردستانی لێ بێ. ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا گوێمان لە ژەنەراڵێکی کەمالیستی تورک بوو کە گوتی: ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە ئەرژەنتینیش دروست بێ هەر بەگژیدا دەچین. کەواتە ئەوان هەر بیر و کردارێک ڕەت دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە گەلی کورد و خاکی کوردستانەوە هەبێ. تورک ڕوویان لە هەر شوێنێکیش کردبێ، لە کاولکاری و کوشتار و قەسابخانەی بەکۆمەڵ و کاری دڕندانەی تر، چی دیکەیان لەدوو خۆ جێ نەهێشتووە. پێویستیش بە نموونە هێنانەوە ناکات، چونکە کورد لە هەر میللەتێکی دیکە زیاتر بە ئاگری تورک داخ بووە.

لەیلا زانا کە دەسماڵی ڕەنگاوڕەنگی کوردی لەسەر بوو، پڕ بە دەنگی خۆی لە پەرلەمانە شڕەکەی تورکان هاواری کرد: (ئەم و ترک براین. بژی براتییا گەلان). ئەم وشانە نەک هەر چ یارمەتییەکی لەیلا زانای شێرەژنی کوردیان نەدا و بەس، بگرە بوون بە هۆکارێکی گرنگی داڕزاندنیشی دەنێو زیندانی کەمالیستە هۆڤەکاندا. پەرلەمەنتارانی تورک بەم قسانەی لەیلای کوردان چاویان چووە پشتی سەریان و ئەگەر لەبەر لۆمەی دنیاش نەبا هەر دەستبەجێ لەیلایان لەت لەت دەکرد. لەیلا ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لەسەر سەری، تا چوونە نێو بەندیخانەش، بە بەرزی ڕاگرت!

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئەوانەی کە لە سلێمانی و هەولێر و سۆران و ئاکرێ و ئێرە و ئەوێ، لە نیشتمان و هەندەران، ئاڵای کەسک و سۆر و زەردی کوردستانیان بەدەستەوە بوو، هەر هەموویان دڵ و گیان و کەس و کار و خوشک و برا و نزیکترین هاوڕێ و خۆشەویستی هەرە ئازیزی منن. هەر واش دەمێننەوە! ئەوە ئەوانن کە دەنگی ڕەوا و مافداری کوردن. ئەوانن دەبنە ڕێنیشاندەر و ڕێبەری لێهاتووی گەل و وڵات. منی ئەم غوربەتییە هەر ئەوەندەم لە دەست دێ، لە سوێدەوە تا کوردستان، سڵاوی گەرمیان بۆ بنێرم و سەری ڕێز و حورمەتیشیان بۆ نەوی بکەم.

گومان لەوەدا نییە کە تورک، وەک هەر میللەتێکی دیکە، ئاڵای خۆیان خۆش دەوێ. دیارە ئەمەش مافێکی ڕەوا و سرووشتیی خۆیانە. لێ لە هەمان کاتدا، هەر هەمان ئاڵای تورکان، لای کورد هێمای چەوساندنەوە و بنپێکردنی مافە نەتەوەیی و فەرهەنگی و ڕامیارییەکانیان دەگەیەنێ. خەڵکی کورد کە چاویان بە ئاڵای داگیرکەران دەکەوێ، جەور و ستەمی سەدان ساڵەیان وەبیر دێتەوە و ناشتوانن هەروا بە ساناهی خۆیان لەم مەسەلەیە گێل بکەن. لە نەوەدەکاندا کە تورک لە دژی گەریلاکانی پ. ک. ک، بە ئارەزووی خۆیان دەچوونە باشووری کوردستان و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەوڕۆی کوردستانیش

پێشوازییان لێ دەکردن، جەندرمەکانی تورک لەسەر لوتکەی هەر چیایەکدا کە دەهاتە پێشیان ئالآیەکیان دەچەقاند. ئەم کارەیان ئەگەر شتێ بگەیەنێ بە مانای خۆ سەپاندن و دەسەلآت نواندن دێ. جا لە بارێکی وەهادا کورد کە هەستێ ئەم ئالآیە بسووتێنێ، نە دنیا ژێر و ژوور دەبێ، نە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە بە ئەنجامدەرانی ئەم کارە بلێین بێ ئەخلاق و گێرەشێوێن. هۆ خەلکینە ئێوە دەلێن چی؟!

هەر لەسەر مەسەلەی سووتاندنی ئالآکەی تورکیا، جەلال تالەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەل کەنالی CNN Turk گوتوویەتی: (**ئێمە دژی سووتاندنی ئالآی تورکیاین، چونکە رەمزی میللەتێکی دۆستی ئێمەیە**) . شایانی باسە تەواوی قسەکانی تالەبانی لە ژمارە (٣٠٠٤) ی کوردستانی نوێ، چوارشەممە ٣/٥/ ٢٠٠٣، بلاو کراوەتەوە. هەروەها رۆژنامەڤانی تورک محەممەد عەلی بیراند هەڤپەیڤینەکەی ئەنجام داوە.

من وەک کوردێک گوتە و قسەکانی جەلال تالەبانی بە چ شێوەیەک سەرسامم ناکەن، چونکە ناوبراو لە قسەکردندا ژمارەی رێکۆردی شکاندووە و، باوەڕ ناکەم لە مێژووی دوور و نزیکی کوردیشدا سەرکردەیەک هەلکەوتبێ کە بە قەدەر تالەبانی حەزی لە قسەکردن و خۆ دەرخستن بووبێ. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، دیارە لای تالەبانی چ شتێ سەیر نییە، ناوبراو لە هەر شوێنێکدا بە جۆرێ قسان دەکات و دەشیەوێ لە هەمان کاتدا دلی هەمووان لە خۆی رازی بکات. بێگومان کارێکی وەها نەک هەر بۆ تالەبانی، بگرە بۆ چ رێبەرێکی دیکەش نەچووەتە سەر. تالەبانی کە لە کوێت بوو داکۆکی لە دەعبایەکی وەک خەزرەجی کرد. لە شام سەرکەوتنی ئیسلامییە تۆرانییەکانی تورکیای بە شۆرشی سپی ناو برد. لە تورکیا بە دلی دۆستەکانی ئەورۆی دەپەیڤی. لە ئێرانیش بینیمان چۆن بۆ حەسەن و حوسێن شینی دەگێرا. سەرکردەیێ کە ئەمە خەسلەت و ئاکار و کرداری بێ، ئاساییە گەر چاوەڕوانی هەر شتێکی تریشی لێ بکەین.

هەر لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی دەگەل رۆژنامەڤانی تورک تالەبانی دەلێ: (**ئەو تورکمانانەی لە کوردستان دەژین مافە دیموکراتییەکانی خۆیان هەیە، بەلآم ٩٠%ی تورکمانەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی دیکتاتۆری رژێمدا دەژین، بۆچی دەنگێکمان لە تورکیا نەبیست باسی ئەو تورکمانانە بکات**) .

ئەم قسەیە کە جوانە، زۆر چاکترە، ئەگەر ئاراستەی تورکمانەکانی کوردستان و بە تایبەتیش بەرەی تۆرانییەکانی سەر بە میتی تورکیا و سەنعان ئاغای دۆستی تالەبانی خۆی بکرێ. جەلال تالەبانی لە درێژەی قسەکانی خۆیدا بە لایەنی کەمەوە ١٥ جار باس لە (دۆستایەتی و برایەتی) ی نێوان کورد و تورک و تورکمان دەکات. ئەوانەی بە سووتاندنی ئالآی تورکیش ڕابوون تالەبانی بە (هەندێک کەسی نامەسئوول، خەتابار و ئاژاوەگێر) ناویان دەبات. سەبارەت بە خۆپیشاندانەکەی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی و کەسانێکی وەلآتپارێز لەو شارەش دەلێ: (**بەلێ، لە لایەن هەندێک کەسی گێرەشێوێن و نامەسئوول و سادە دەکرێن**) . لە رۆژی نارەزایی دەربڕینەکەی شاری سلێمانی، کەنالی کوردسات دیمەنی خۆپیشاندانەکە و چەندین چاوپێکەوتنی لەگەل خۆپیشاندەران بە زیندوویی دەگواستەوە، ئەوسا خەلکە خۆپیشاندەرەکە بە قسەی کوردسات لە ٦٠٠٠یش زیاتر بوون و هەر هەموشیان لە پەرۆشییەوە بۆ میللەت و خاکەکەیان بەم کارە هەستابوون، کەچی ئێستا وا تالەبانی پێیان دەلێ: گێرەشێوێن و نامەسئوول و سادە. ئەمە دەبێ چەندی بە چەند بێ؟! لەمەڕ دۆستایەتی نێوان کورد و تورکیش تالەبانی دەبێژێ: (**نەخێر نامانەوێت دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنین و ئێمە ئامادەین هەموو زەمانەتێک لەم بارەیەوە بە دۆستە تورکەکانمان بدەین**) . تالەبانی باش دەزانێ، ئەگەر رۆژێ کورد بیەوێ دەولەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنێ، ئەوا قەت پرس بەو و نموونەی وەک ئەویش ناکات. ئەمەیان مەسەلەیەکە لەمێژە بڕاوەتەوە. خۆش دەبوو ئەگەر تالەبانی فشەهەلوێستێکی نواندبا و بیگوتبا: کوردیش وەک هەر گەلێکی تر مافی خۆیەتی دەولەتی سەربەخۆی هەبێ، بەلآم ئێستا رەوشەکە وا ناخوازێ. تۆ بلێی بە قسەیەکی وەها حالی کورد لە هی ئێستای خراپتر بێ؟!

هەر لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا تورکیا گەورەترین پارتی ڕێپێدراوی سەر بە کوردانی قەدەغە کرد، دە ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕاست دەکەن با بە قسەیەکیش بێ لەسەر ئەم کارە تورکیا پرۆتێست بکەن. ئەوان کە ئەوەندە باس لە دۆستایەتی تورکیای دراوسێ دەکەن، خۆ دەکرێ لەمەڕ ئەم هەنگاوە نادیموکراتی و نامرۆڤایەتییەی دەوڵەتی تورک، گلەییەکی دۆستانەشی ئاڕاستە بکەن. من کە پێشوەخت دەزانم شتێکی وا ناکەن، تەنیا وەک نموونەیەکی بەراوردکاری، ئەم مەسەلەیەم هێنایەوە.

تورکیا تاکە یەک ئەلتەرناتیڤ دەناسێ: **من خۆم باڵادەست و بەهێزم. ئەوانی تر، بە تایبەتیش کورد، نابێ چ حیسابێکیان بۆ بکرێ!** ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ هەر کوردێک بیزانێ. تورک تەنیا لە باری ناچاریدا، یان ئەگەر بزانن شتی زیاد لە دەست دەدەن، ئینجا هەنگاوێک بۆ دواوە دەنێن. ئەوان کە دوورگەی (قوبرس) یان گرت جێپێی خۆیان تێدا قایم کرد. ئێستا تەنانەت خەڵکی تورکنشینی بەشی باکووری قوبرس لە دژی (ڕەوف دەنگتاش) ی سەرکردەیان دەردەکەون، لێ دیسانیش هەڵبەت بە فیتی تورکیا تەگەرە دەخرێتە بەردەم یەکگرتنەوەی ئەم دوورگەیە. کەواتە تورک کە بچنە ناوچەیەک، لە نیازگڵاوی زیاتر چی تریان نییە و بە ئاسانیش دەرناچن. سەرانی کورد، بە تایبەتیش تاڵەبانی کە زۆر باس لە دۆستایەتی خۆیان و تورکەکان دەکات، دەبێ زۆر ئاگاداری ئەم خاڵە بن. پارتی و یەکێتی نابێ بە چ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو دەستکەوتانە بن کە بە خوێنی ئاڵ و سووری سەدان هەزار شەهید وەدەست هاتوون. ئەوان لە جیاتی ئەوەی بیر لە سووتاندنی ئاڵای تورکان بکەنەوە، با کەمێک بە خۆیاندا بچنەوە و بیرێکیش لە پاشەڕۆژی تا هەنووکە نادیار و تەماوی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکەنەوە. بە کورتییەکەی ئەوان دەبێ سەری خۆیان بکرنەوە. ئاواتەخوازم بکارن کارێکی وا ئەنجام بدەن.

برایەتی و پارتی و یەکێتیش کە بە خەڵکێکی جگەرسووتاو و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەریان گوتووە: (بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، نامەسئوول، سادە، . . . تاد) ، ئەرکی سەر شانیانە بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکەن و ئەو کەسانەش بەردەن کە بە خۆیان دەڵێن لە بەندیخانەیان پەستاون. ئەوی ڕاستی بێ ئەمە کەمترین کارە، دیارە گەر بیانەوێ، دەتوانن پێی ڕابن. سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان با ئەو کەسە سزا بدات کە وتەی (بێ ئەخلاق) ی لە برایەتی بەکار هێناوە.

من لەم ڕەوشە ناسکەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ، هەرگیز نەمدەویست بابەتێکی وا بنووسم و بڵاوی بکەمەوە. لێ هەر کەسێ سووکایەتی بە نەتەوە و نیشتمانەکەم بکات، با گلێنەی چاویشم بێ، ناتوانم لە بەرامبەریدا بێدەنگ بم.

لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەندە ماوە بڵێم: لە ژیانی ئاوارەییمدا لە ئەورووپا، لە گەرمەگەرمی کارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەکەی هەڵەبجەی خوێناویدا، لە وڵاتی سوێد، جارێکیان لە خوێپیشاندانێکدا من و برا کوردێکی کەرکووکی ئاڵایەکی عێراقی داگیرکەری بەشێکی کوردستانمان گڕ تێبەردا. جا ئەگەر لەسەر ئەم کارەم برایەتی و سەرانی کورد بە (بێ ئەخلاق) م ناو ببەن، سوپاس بۆ ئەوان، چونکە من ئەم (بێ ئەخلاق) ییەی خۆم لا شەرم و عەیبە نییە!

هەر شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستانەکەم!

**سوێد ١٣-٣-٢٠٠٣** mehabadk@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣